مەهاباد قەرەداغی

# پەرلەمانی کوردستان و یاسایەکی نوێ لە بەرژەوەندی ژنان



رۆژی سێشەممەی رێکەوتی 12-10-2004 ،لە کۆبوونەوەی ژمارە50ی پەرلەمانی کوردستان/ خولی گواستنەوە، پرۆژەی یاسای سزاکانی ئەو تاوانانەی دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێت، پەسەند کرا و، لەو بارەیەوە پەرلەمان یاسایەکی نوێی لە بەرژەوەندی ژنانی کوردستاندا دانا. لەو یاسا نوێیەدا "هەموو جۆرە توندوتیژییەک کە لە لایەن مێردەوە بەرامبەر بە ژن ئەنجام دەدرێت قەدەغە دەکات و بە تاوانی دادەنێت. ئەنجامدەری ئەو تاوانانەش سزا دەدرێن."

ئەم هەنگاوە زۆر گرنگ و جێی بایەخە و یەکێکە لەو هەنگاوانەی کە کۆمەڵگەی کورد بەرەو ئاراستەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەبات. بەو هیوایەین و چاوەڕوانی ئەوەین کە پەرلەمانی کوردستان هەنگاوی لەم جۆرەی زۆر بێت. هیواداریین ئەو یاسایە زووبەزوو بخرێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و، ژنانی کوردستانیش بتوانن سوودی لێ وەرگرن لە کاتێکدا کەلە لایەن مێردەوە دەستدرێژییان دەکرێتە سەر.

ئەرکێک کە دەکەوێتە سەر ئەو رێکخراوانەی کە خەبات بۆ ژنان ، مافی مرۆڤ ، دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی و دادپەروەری دەکەن، ئەوەیە کە ژنانی کوردستان لەم یاسایە ئاگادار بکەنەوە"بەتایبەتی ئەو ژنانەی کە نەخوێندەوار یان کەمخوێندەوارن" و بۆیان ڕوون بکەنەوە چۆن بتوانن لەم جۆرە یاسایانە بەهرەمەند بن. بە هەمان شێوەش پیاوان لەم یاسایە و لە سزاکانی توندوتیژی و دەستدرێژیی بۆ سەر ژنان ئاگادار بکەنەوە. دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گشتی و تیڤییەکان بە تایبەتی دەتوانن ڕۆڵی گەیاندن و ڕوونکردنەوەی ئەو یاسایە بۆ هەموو ماڵێک و بە هەموو ژنان و پیاوانی کوردستان، ببینن. پێویستە ئەم یاسایە بگاتە گوێی هەموو ژنێک و هەموو پیاوێک لە کوردستاندا.

ئەگەر ژنان ئاگاداری ئەو یاسایانە نەبن کە پشتیوانییان لێ دەکات و لە بەرژەوەندی ئەوان دانراوە، ناتوانن سوودی لێ ببینن لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی توند و تیژیی لە لایەن نێرینەکانی بنەماڵە و بە تایبەت لە لایەن مێردەوە، کە ئەم یاسا نوێیە سزای لەسەر ڕەفتاری زەبروزەنگئامێزیان بەرامبەر بە هاوسەرەکانیان، داناوە. بە هەمان شێوەش ئەگەر پیاوان ئاگادار نەبن کە یاسایەکی وا هەیە لەسەر ڕەفتاری ناشایستەی توندوتیژیی بەرامبەر بە ژن سزایان دەدات، درێژە بەو جۆرە ئاکارانە دەدەن.

ئەوەی کە گرنگە و مایەی خۆشحاڵییە بۆ ژنانی کوردستان ئەوەیە کە یاسایەک لە بەرژەوەندییان دانراوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە یاساکان کاریان پێ بکرێت و بە کردەوە ژنانی پێ سوودمەند بن و ڕادەی چەوساندنەوەیەن لەسەر کەم بکاتەوە.

دەستخۆش پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەم یاسایە، بەلام ئەوەندە بەس نییە و بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکەمان بگەیەنینە ئاستێکی شایان، یاسای زۆری لەم جۆرەمان پێویستە.

من لە لای خۆمەوە گەشبینم کە لە داهاتوودا ئەو یاسایانەشی کە چاوەڕێی دەکەین و دەبنە بناغەیەکی پتەو بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی و مرۆڤی کوردی بە ژنان و پیاوانەوە پێ بەهرەمەند دەبن، دادەڕێژرێن. ئەم گەشبینییەشم لە خۆڕایی نییە لەو گفتوگۆ و دیدارانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەگەڵ هەندێک لەبەرپرسانی کوردستاندا لە مانگەکانی حوزەیران و تەمووزی ئەمساڵدا کردمن و، بە تایبەتی ئەو بەڵێنە جوانانەی کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت لە هەولێر بۆ گۆڕانکاری لە بارودۆخی ژنانی کوردستاندا، دای.

دەستخۆش بۆ هەموو هەنگاوێکی جوان کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری و جوانکردنەوەی ژیانی مرۆڤی کورد بە گشتی. دەتوانم بیسەلمێنم ئەم یاسایە چەندێ لە بەرژەوەندی ژنانە، ئەوەندەش لە بەرژەوەندی پیاوانە. چونکە کاتێ بەشێکی کۆمەڵگە بەشێکی تری دەچەوسێنێتەوە، پلەی مرۆڤایەتی هەردوولایان دێتە خوارەوە و، هەردوو لایان لە سروشتی مرۆڤانەی خۆیان دوور دەکەونەوە. بۆ ئەوەی هەردوکیان بگەنەوە بە پلەی مرۆڤایەتی خۆیان، پێویستە یاسا ئەو نادادپەروەریی و لاسەنگییە هاوسەنگ بکاتەوە.

کە تووندوتیژی و هەلاواردن لە کۆمەڵگە و لەناو خێزاندا قەدەغە بکرێت، هێدی هێدی ژیان ئارامتر دەبێتەوە و ئارامی وەک نۆرمێکی جوان جێگە بە نۆرمی دزێوی تووندوتیژی لەق دەکات. لە کاتی نواندنی زەبروزەنگدا ژن لە مێردەکەی دەترسێت و مێرد دەسەلاتی خۆی و بڕیاری خۆی بەسەریدا دەسەپێنێت، بەلام لە دۆخی ئارامیدا ژن ڕێزی مێردەکەی دەگرێت و پەیوەندییەکەیان لەسەر بناغەی لێکتێگەیشتن و خۆشەویستی بنیات دەنرێ. بۆیە هێندەی بۆ ژن گرنگە کە تووندوتیژی نەمێنێت و ئارامی ببێت بە نۆرمی ژیان، ئەوەندەش بۆ پیاو گرنگە کە ئەم یاسایە بچەسپێت و ئەویش ڕزگاری بێت لەو سیفەتە دزێوەی "تووندوتیژی" کە وەک سیفەتێکی پیاوانە ناسراوە و بەدناوی کردووە.

بە بڕوای من پێویستە پیاوانیش بە قەد ژنان بەم یاسایە خۆشحاڵ بن و لە چەسپاندنی ئەو یاسایەدا کارا بن و دەستخۆشی لە حکومەت و پەرلەمان بکەن بۆ هەنگاوێکی لەم جۆرە و هانیان بدەن بۆ هەنگاوە پێویستەکانی تر.

2004/10/17

ستۆکهۆڵم
qmahabad@hotmail.com
www.jinname.org